دووەم چاپ

جونەید سوعەوی

# لە ناخی ژیانەوە

کۆمەڵە کورتە چیرۆک

وەرگێڕانی: د. زانا ئەحمەد

238 posts

19.2k followers

7 following

Promote

Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF
ناوی کتێب : با لێبورده بیت
ناوی نووسەر : ناصر محمود بەشتی
جۆری کتێب : رۆمان
ناوی کتێب : سەحەر
ناوی نووسەر : سەلاحەدین دەهیرانلی
جۆری کتێب : چیرۆک
ناوی کتێب : باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژار
ناوی نووسەر : ڕۆبێرت کیۆساکی
جۆری کتێب : ڕاپەڕ سەرمایە بەر
ناوی کتێب : ژیانی پێغەمبەران
ناوی نووسەر : د. عبدالکریم بکار
جۆری کتێب : ئایینی
ناوی کتێب : بۆ کوڕان و کچانم 50 مۆم
بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگاکان
ناوی نووسەر : د. عبدالکریم بکار
جۆری کتێب :
ناوی کتێب : گوررەبەک بۆ پاداکردنەوەی ڕابردوو
ناوی نووسەر : نیکۆلاس سپارکس
جۆری کتێب : رۆمان

# له
# ناخی ژیانەوە

کۆمەڵە کورتە چیرۆک

نووسینی
جوتەید سوعەوی

وەرگێڕانی
د. زانا ئەحمەد

عەلی سالّح میران
پێشیداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە

چاپی دووەم
١٤٣٤ك - ٢٠١٣ ز

## پێشکەشە بە:

❁ دایك و باوكم.. كە دوای خودا، تاكە دوو كەسن ناتوانم پاداشتی چاكەیان بدەمەوە.

❁ خوشك و براكانم.. كە جێی شانازیمن.

❁ هاوڕێكانم.. لە گشت قۆناغەكانی ژیانمدا.

❁ ئەوانەی حەز دەكەن خەڵكی بە بەختەوەری ببینن، ئەگەر لەسەر حسابی خۆیشیان بێت. ئای كە دەگمەنن!

پێشكەشە بە هەموو ئەمانە، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و نزام بۆیان.

وەرگێڕ

# دەسپێك

وەرگێڕان چەندە کارێکی باش و بەسوودبێت بۆ خوێنەر ئەوەندەش کارێکی گرانە، چونکە دەبێت وەرگێڕ لە هەردوو زمان بە باشی شارەزا بێت و بە ئەمانەتەوە وەریبگێڕێت و بەرپرسە لە هەر کەم کردنەوەیەك لە بەهای دەقە ئەسڵییەکە... دەبێت تام و چێژ و زەوق و سەلیقە و پەیامی نووسەرە ئەسڵییەکە لە دەست نەدات و ئەوەی نووسەر مەبەستیەتی بەچێژتر بە خوێنەری بگەیەنێت.

(لە ناخی ژیانەوە)، چەند کورتە چیرۆکێکی چیرۆکنووسی تورك (جونەید سوعەوی)ە... کە لە خوێندنەوەیاندا ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە چیرۆکنووس دەیەوێت پەیامێك بە دەوروبەری خۆی بگەیەنێت، بۆیە هەر کورتە چیرۆکێك لە چیرۆکەکان، چەندین بنەمای ڕەوشتە بااڵکانی لەخۆ گرتوە، کە ئاشکراشە سەرچاوەی سەرەکی ئەم بنەما ڕەوشتییانەش تێکڕای ئاینەکانن، بەتایبەتی ئاینە ئاسمانییەکان... ئەو ئاینانەی بۆ ڕێك کردن و باش کردنی ژیانی مرۆڤەکان هاتوون... بۆیە سەرجەم کورتە چیرۆکەکان دەڕێنە خانەی ئەدەبی پەیامدارەوە..

(ئەدەبی پەیامدار)یش شتێکی نوێ نییە.. لە کۆتایی سالانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە زۆری لەسەر نووسرا و وتراوە.. لە کۆنەوەش (ئەفلاتوون) ئاماژەی بەوە کردووە: "گەر هەر شیعرێك (ئەدەبێك) پەیامێکی پێ نەبوو، ئەوە شیعر (ئەدەب)ێکی بێ کەڵکە"... دواتر هەندێ کەس پێی وا بوو کە پەیامداری لە ئەدەبدا بەربەست دەخاتە بەردەم ئازادی لە دەربڕین و نووسیندا. هەندێکی دیکەش پێیان وا بوو کە پەیامداری لە ئەدەبدا شتێکی حەتمییە بۆ هەندێك لە سیستەمەکان بەتایبەتی لە سیستەمێکی وەکو سیستەمی سۆسیالیستیدا.

بەڵام لەبەرئەوەی ئەم کورتە چیرۆکانە دەچنە خانەی ئەدەبی ئیسلامیی پەیامدارەوە، بۆیە هەندێ لە ڕەخنەگران پێیان وایە کە ئەم پایامداریییە چەند ئەزموونێکن لە وێژدان و هزری ئەدیبی موسوڵمان، کە لە ڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلامدا خۆیان دۆزیوەتەوە، کە مەبەستی سەرەکی خۆشنوودکردنی مرۆڤەکانە لە دونیا و ئاخیرەتدا و تیایدا جیاوازی لە نێوان چیژە ڕۆحی و جەستەییەکان ناکات، بۆ ئەمەش چەند ئادگار و سیفەتێك دەستنیشان دەکات... پێغەمبەرمان (درووی خودای لێبێت) چەندین فەرموودەی دەربارەی پەیامداری لە گوتندا هەیە، وەك «إِنَّ الْمُؤْمِنَ يُجَاهِدُ بِسَيْفِهِ وَ لِسَانِهِ – واتا: ئیماندار بە شیر و زمانەکەی خەبات دەکات». هەروەها

پێغەمبەرمان (دروودی خودای لێبێت) مینبەرێکی بۆ (حەسان)ی شاعیر دانابوو و دەیفەرموو خوای گەورە یارمەتیدەری حەسانە.

ئەدەبی شیوعیەتیش ئیلتیزامەکەی بە پەیوەست بوون بە ململانێی چینەکانەوە و لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی (ماركس)دەوە سەرچاوەیان گرتووە... (وجود)یەتیش لە ئیلتیزامەکەی بە پەیوەست بوون بە خودی تاکەوە و لە ژێر بۆچوونەکانی (سارتەر)ەوە دوای گۆڕانێک لە بۆچوونەکانیدا پێی وا بوو: "نووسەران دەبێ پەیوەست بە بۆچوونەکانیان بن و ئازاد نین لە دەربڕیندا". هەروەها پێشی وا بوو کە مرۆی پەیامدار "ئەو کەسەیە کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات". هەروەها سارتەر زۆربەی نووسینەکانی تێهەڵکێشی نووسین و شانۆگەرییەکانی وەک (گورگەکان) و (دەستە نەگریسەکان) کردن و بەهۆی ئەم نووسینانەوە پەیام و بۆچوونەکانی خۆی بە خوێنەرانی جیهان ئاشنا کرد.

بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی کە (سوعەوی)ی چیرۆکنووس ویستوویەتی بە دەوروبەری بگەیەنێت، بەهەمان شێوە وەرگێڕمان بەم هەڵبژاردن و وەرگێڕانەی، دەیەوێت ئەم پەیامە بە دەڤەر و دەوروبەری خۆی بگەیەنێت.

وەکو یەکەم ئەزموونی وەرگێڕیش، ئەم کارە شتێکی باشە و تا
ڕادەیەکی باش تیایدا سەرکەوتوو بووە و، شاکاری باشتری
لێدەخوازین...

عەلی سالح میران

٢٠٠٨/٥/١١

# كێكى ئيسفەنج

# کێکی ئیسفەنج

که چووم بۆ سەموونخانەکە، بینیم سەموون حازر نییە. کابرای نانەوا، کۆنە هاوڕێم بوو، پێی وتم:

– مامۆستا! ئەگەر چەند دەقەیەک دان بەخۆدا بگری، سەمووني گەرمت لە تەنوور بۆ دەردێنم.

لەسەر سەکۆی پاڵ دیوارەکە لێی دانیشتم. پیرەمێردێک خۆی کرد بە ژوورداً، لەژێر یەخەی چەپی مەدالیایەک بریقەی دەدایەوە، لە ڕۆیشتنیشدا کەمێک دەشەلی. پاش سلاّو کردن وتی:

– سەموونەکانم بدەرێ با بیانبەم، (دووانەکە) برسییانە.

نانەواکە کیسەکەی لە دەست وەرگرت، ئینجا خۆی چەماندەوە ژێر مێزەکە و چوار پێنج سەموونی خستە ناوییەوە، کە پێدەچوو هی چەند ڕۆژێک لەوەو پێش بن. هەندێک لەو سەموونانە لایەکیان سووتابوو و ئەوانی تریشیان هەر یەکە و بە جۆرێک تێکچووبوون.

خۆم پێنەگیرا، بە کابرای نانەوام وت:

– ئەی بۆ سەموونی تازەی نادەیتێ؟ نەتوت ئێستا ساز دەبێ؟!

وتی:

– ئەو خۆی هەموو جارێک داوای سەموونی کۆن دەکات. لەبەر دەستکورتیی، بە نیوە قیمەت دەیدەمێ.

پرسیم:

– ئەم خاڵەیە کێیە؟

– لە جەنگاوەرانی بەشداربووی جەنگی کۆریایە. پاش ئەوەی کورەکەی و بووکەکەی لە ئەنجامی پێکدادانی ئوتومبێل گیانیان لە دەست دا، سەرپەرشتیی دوو منداڵە دووانەکەیانی گرتە ئەستۆ. ئەوە سالانێکە بەخێویان دەکات، هەر چەندە موچەکەشی زۆر کەمە.

بەم قسانە جەرگم هەڵقرچا، بڕیارم دا ئەگەر بە شتێکی زۆر بچووکیش بێت، یارمەتیی بدەم.

وتم:

– نیوەکەی تری من دەیدەم، هیچ نەبێ با ئەمڕۆ سەمووني گەرم بخۆن.

نانەواکە داواکەمی قبووڵ کرد، بەخوێن ساردییەوە کیسەکەی پڕ کرد لەو سەمونە گەرمانەی ئامادە بوون. بە پیرەمێردەکەی وت:

– حاجی! گەلێك بە بەختی... ئەمڕۆ سەمووني وەکو کێکی ئیسفەنجت دەدەمێ تا بۆ منداڵەکانی ببەیتەوە.

کابرای بەسالاچوو گەشایەوە، باوەشی بە کیسەکەدا کرد و توند دەیگوشی. ڕووی تێکردم و وتی:

– خودا لێت ڕازی بێت، ڕۆڵە! بە چیدا زانیت ئەمڕۆ جەژنی لەدایك بوونیانە؟!

# بەرزبوونەوە



# بەرزبوونەوە

منداڵێکی ڕەشتاڵە جەژنانەکانی کۆ کردبووەوە، بۆ خەرج کردنیان چوو بۆ شاری یاری. بە دڵڕفێنێیی شوێنەکە سەرسام بووبوو. یەکەم جاری بوو ئەو هەموو جۆلانە پڕ لە منداڵە ببینێت. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر سەرنجی ڕاکێشا، ئەو کۆمەڵە میزڵدانە هەمە چەشنە و هەمە ڕەنگە بوو، کە گشت منداڵانی ئەوێی هێنابووە جۆش.

میزڵدانفرۆشەکە پیاوێکی بەتەمەن بوو، کاتێ ویستی میزڵدانێکی سوور لەسەر داوای کڕیارێك لەوانی دی جیا بکاتەوە، لە دەستی بەربوو و بە پەتەکەی قەدییەوە ئەملا و ئەولای کرد و بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە. منداڵەکان سەرنجی یەکترییان بۆ لای ڕادەکێشا و بە یەك دەنگ هاواریان دەکرد:

– ئەها میزڵدان، ئەها میزڵدان!

ئەم منداڵەش هەموو بیر و هۆشی خستبووە سەر ئەو میزڵدانە – کە ڕووە و ئاسمان هەڵدەفڕی. هێشتا ئەمیان بەتەواوی لەبەر چاو ون

نەبووبوو، بینی میزڵدانێکی دیکەی ڕەنگ سەوزیش کەوتە بەرز بوونەوە.

بابای فرۆشیار کەسێکی تێگەیشتوو بوو. کە بینی میزڵدانەکەی یەکەم سەرنجی هەموو دەوروبەری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، پێی وا بوو هەڵێکی باشی بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی ڕێکلام بۆ میزڵدانەکانی بکات. بۆیە دەمودەست هەر دوای ئەوەی دووەمی بەردا، یەکێکی ڕەنگ زەردیشی بەدوایاندا ڕەوانە کرد.

منداڵە ڕەش پێستەکە، زۆر بە وردی چاودێریی یەک بە یەکیانی دەکرد، کاتێکیش لەبەر چاوی ون بوون، بە هەنگاوگەلێکی شەرمنانەوە خۆی گەیاندە لای میزڵدانفرۆشەکە و پێی وت:

– خاڵۆ! ئەرێ میزڵدانە ڕەشەکانیش بە هەمان شێوە بەرز دەبنەوە؟

پیرەمێردەکە زۆر چاک لە مەبەستەکەی تێگەیشت، گۆنا ئەسمەرەکانی ماچ کرد و گرێی میزڵدانێکی ڕەشی کردەوە و وتی:

– ڕۆڵە گیان! هیچ دوور نییە پێشی هەموشیان بداتەوە! چونکە میزڵدانەکانیش هەر وەک ئێمەن، ئەوەی بەرزیان دەکاتەوە، ڕەنگی ڕوویان نییە، بەڵکو ئەوەیە کە لە ناخیاندایە.

# یارمەتی



# یارمەتی

یەکێك لە هاوڕێکانم هاتە دەزگا خێرخوازییەکەمان و وتی:

– بیستوومە یارمەتی بۆ قوتابییە کەمدەرامەتەکان کۆدەکەنەوە، دەمەوێت خەرجیی قوتابییەك لە ئەستۆ بگرم.

بەخۆشحاڵییەوە داواکەیم قبووڵ کرد، چونکە وێڕای ئەوەی هەموو هەوڵی خۆمان خستبووە گەڕ، کەچی نەماندەتوانی یارمەتیی هەموو ئەوانە بدەین کە ڕوویان تێدەکردین.

هاوڕێکەم لە قسەکانی بەردەوام بوو:

– حەز ناکەم ئەو قوتابییەی پارەکەمی دەدەنێ بمناسێت، با منیش نەزانم کێیە.

گومانی تێدا نییە کە ئەم پیاوە هەست ناسکە ئەم مەرجەی بۆ ئەوە دانا تا قوتابییەکە نەخاتە ژێر منەتباریی‌ەوە و خۆیشی بە چاکەکەی نەزانێت. پاش ئەوەی دڵنیام کردەوە لە بەجێ گەیاندنی داواکەی، زەرفێکی پڕ لە پارەی لە باخەڵی دەرهێنا و خستییە سەر مێزەکەم.

هەر کەمێك دوای ئەوەی هاوڕێکەمم بەڕێ کرد، گەنجێکی هەژدە بیست ساڵە هاتە لام. کوڕێکی تا بڵێی شەرمن بوو. کە کەوتە قسە، ڕوومەتە زەردەکانی سوور هەڵگەڕان. لەسەر قەنەفەکەی تەنیشتییەوە دامێنیشاند تا کەمێك ئارام ببێتەوە.

کوڕی تاقانەی خێزانێکی هەژار بوو، تازە لە زانکۆ وەرگیرابوو. بەڵام داخەکەم نەخۆشیی گورچیلەی هەبوو. بە هەزار حاڵ لە دەستکورتیی خۆیان دوا.

زەرفە پڕ لە پارەکەم بۆی درێژ کرد و وتم:

– هیچ نیگەران مەبە! سەرەتای هەموو مانگێك دەرمالەی تۆ ئامادەیە.

واقی ورمابوو کە چۆن ئاوا بەزوویی یارمەتیی پێگەیشت. هەوڵی دەدا چاوەکانی – کە لە خۆشیدا دەدرەوشانەوە – لێم بشارێتەوە. بە دەم نزا کردنەوە زەرفەکەی خستە گیرفانییەوە.

خواخوام بوو سەرەتای مانگ زوو بێت، تا دووبارە بەو دیمەنە دڵ خۆشکەرە شاد ببمەوە. هەر جارێکیش ئەو گەنجە بەهۆی نالەباریی تەندروستییەوە نەیتوانیایە بێت، یارمەتییەکەم بە یەکێك لەو قوتابییانەدا بۆ ڕەوانە دەکرد کە لە هەمان کۆلێژەکەی ئەو بوون و دەرمالەیان لای ئێمە بۆ بڕابووەوە.

ئا بەم جۆرە سالێك تێپەڕی کرد. هاوڕێکەم زۆر هیوادار بوو خودا خێرەکەی گیرا کردبێت. بەڵام ڕۆژێکیان کە تا بڵێی دڵتەنگ بووم، لە مزگەوت چاوم پێی کەوت. پێی وتم:

– لە تۆ دەگەڕام، ئەم بەیانییە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئیشەکەم لەدەست دا، بۆیە لەمەودوا ناتوانم درێژە بە بەخشینەکە بدەم.

بەو خەبەرە زۆر تێکچووم، نەمزانی چی بڵێم. دەستم نایە سەرشانی و وتم:

– یا خوا خوا لێت ڕازی بێت. ئەو تەرمەی کەمێك لەمەوپێش نوێژمان لەسەر کرد، هی ئەو گەنجە بوو کە یارمەتییەکەی تۆمان دەدایە. لەمەودوا دەتوانی تەنها فاتیحەی بۆ بنێریت.

# جا مانی دونیا چییه؟!



# جا مالّی دونیا چییه؟!۱

...

کوڕه گەنجەکه ئەوەندە هۆگری کەلوپەلی ئەنتیکە بوو، کون و کەلەبەرێکی (ئەنەدۆڵ) نەمابوو، سەری پێدا نەکات بۆ گەڕان بە دوای ئەو جۆرە کەلوپەلانە. هەر چییەکی دەست بکەوتایە، بە هەر نرخێك بووایە دەیکڕییەوە. گوێی بە سەرما و گەرما نەدەدا، لەم ئەملا و ئەولا کردنەیدا هیچ نەمابوو بەسەریدا نەیەت.

بەڵام ئەوەی ئەم جارە تووشی بوو، گەلێك لەوانی تر جیا بوو، لەبەرئەوەی بەفر ڕێگاکانی گرتبوو، ناچار بوو ئۆتۆمبێلەکەی بەجێ بهێڵێ، خەریك بوو لەبەر زریانی بەفر ڕەق ببێتەوە، لەم سەروبەندەدا پیرەمێردێك بەهانای هات و برِیاری دا لەگەڵ خۆیدا ببباتەوە زنجەکەی، کە بەقەدپاڵی چیایەکی ئەو نزیکەوە بوو، پێی وت:

– چەند ڕۆژ بوو نەخۆش کەوتبووم، ئەمڕۆ بۆ داربڕین هاتمە دەرەوە، وا دیارە بۆ ئەوە چاك بوومەتەوە تا بەهانای تۆوە بێم.

دوای ئەوەی بەناو ئەو هەموو بەفرەی کە تا چۆکیان هاتبوو تێپەڕین و گەیشتنە جێ، چاوەکانی کوڕەکە بە سپیایەتی بەفرەکە

---

۱– ئەم چیرۆکە لە ئەسڵدا ناوی (*Antikacı* – ئەنتیکەچی)یە. (وەرگێڕ)

ماندوو بووبوون، به بینینی ئەو چوار پێنج کورسییەی لە دەوری ئاگردانەکە دانرابوون، سەرسام بوو. لە ژیانی خۆیدا شتی وا جوانی نەدیتبوو، گیان بە بەر لاشە نیمچە بەستووەکەیدا هاتەوە.

پیرەمێردەکە پەلەی بوو زوو میوانەکەی بخەوێنێت، دوای ئەوەی چەند تیکە نانێکی دایە، لەسەر قەرەوێلەکە جێی بۆ ڕاخست و وتی:

– ڕۆڵە گیان! لەبەر بێ داری، نەمتوانی سۆپات بۆ دابگیرسێنم، ئیشەڵڵا ئەم لێفانە گەرمت دەکەنەوە.

ئینجا پیرەمێردەکە چووە ژووری نوستنی خۆی و خێزانەکەی – کە چەند سالێك لەوەو بەر چووبووەوە بەر ڕەحمەتی خودا. کوڕەش چووە بن جێ و لێفەکانی بەخۆیدا دا. بەڵام لەگەڵ ئەو ماندوێتییەشیدا خەوی لێنەدەکەوت، هەر لە بیری ئەوەدا بوو کە سبەینێ بەر لەوەی بڕوا، هەر دەبێت ئەو کورسییانە لەگەڵ خۆی ببات، بۆیە دەبێت ڕێیەك بدۆزێتەوە. دەتوانێت لە چاکەی ئەوەی بەهانایەوە هاتووە، تاقمە قەنەفەیەکی هەرزان بەها بۆ پیرەمێردەکە بکڕێت و بەناوی ئەوەی کورسییەکان کۆن بوونە و کەڵکیان نەماوە، لەگەڵیدا بیانگۆڕێتەوە. هەر نا هەر نا، دەتوانێت بیانڕفێنێت و بۆی دەربچێت. خۆ پیرەپیاوی بەسالاچوو بە پشتی چەماوەوە ناکەوێتە دوای!

کوڕە بەدەم ئەم بیرانەوە بوو، وردە وردە خەو بردییەوە. کاتێکیش بە گڤە گڤی با بەخەبەر هاتەوە، هەر بەو خەیاڵانەوە بوو.

هەستی کرد خاوەن مالێ بۆ نوێژ هەڵساوەتەوە و گوێی لێبوو لە دەرەوە خەریکی دار شکاندن بوو. کە چاوی کردەوە، بینی وا کابرا خەریکی چێشت لێنانە، خۆی قیت کردەوە و سەیرێکی ئەملا و ئەولای کرد، "هەی! ئەوە چییە؟! هینەکانی دوێنێ نەماون."، ناکا کابرای زۆرزان بە نیازەکەی زانیبین، یان کێ نالێت بەدەم خەوەوە قسەی نەکردووە و کابرا گوێی لێنەبووە و هەڵسابێت و لە شوێنێکی دوورەچاودا شاردبنیەوە.

هەولّی دەدا بەسەر خۆیدا زاڵ ببێ و خۆی ئاسایی پیشان بدا، وتی:

– مۆخی ئێسکەکانیشم گەرم بوونەوە! ئەوەی ڕاستی بێت، شۆرباکەشت بۆنێکی خۆشی لێدێت. بەڵام بۆ کورسییەکان لە جێی خۆیاندا نەماون؟

مامەی ئەختیار یەکێکی تر لەو پارچە کورسییانەی لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا بەسەر یەکیدادابوون، خستە ناو سۆپا دارەکەوە و وتی:

– ڕۆڵە! ئەو کورسییانەی باسیان دەکەیت، مالّی دونیان. چۆن دەهێڵم میوانی خوا سەرمای ببێت؟!

# پارچه زەوی



# پارچه زەوی

منداڵەکان زانیبوویان باوکە پیرەکەیان پارچە زەوییەکی زۆر باشی کڕیوە، بۆیە هەر یەکەیان لەجێی خۆیەوە تەماع چاوی تێ بڕیبوو. کوڕە دکتۆرەکەی دەیوت:

– بەخوا دەزانم ئەمەش وەک ئەوانی تر دەکاتە پیاوەتی و دەیبەخشێتەوە. هەموو کەسێکی خەنی کردووە خۆمان نەبێ.

باوکیان پیاوێکی زۆر دەستکراوە بوو، هیچ بڕوای بە وە نەبوو منداڵەکانی نەبوو دوای مردنی خێری بۆ بکەن. بۆیە بڕیاری دابوو تا خۆی لە ژیاندا ماوە و لەشساغە، ئەوەی پێی دەکرێ لە خێر و چاکە بیکات. بە بەشێك لە سەروەت و سامانەکەی کاری بۆ هەندێك لە کەسە نزیکەکانی دۆزیبووەوە. لەبارەی ئەم پارچە زەوییەی ئەم دواییەشیەوە ڕایگەیاندبوو کە بەشی هەموویان دەدات، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە بەسەریاندا دابەشی دەکات.

کوڕەکەی دیکەی کە ئەندازیار بوو، لە خەو و خەیاڵێکی تردا بوو، – لە خەیاڵی خۆیدا لەو پارچە زەوییەی کە تا ئەو حەلەش نەیدیبوو، نەخشەی بۆ کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێ بوون کێشابوو، لە چاکترین شوێنیشیدا نەخشەی بۆ ڤیلایەکی جوان دانابوو، بۆ کاکەشی کە حەزی لە نۆڕینگەیەك بوو، دەیتوانی هەر لەسەر ئەو پارچە زەوییە نۆڕینگەیەکی بۆ دروست بکات، مەگەر باوکە نەخۆشەکەشی کە

بەدەست نەخۆشیی دڵەوە دەینااڵند، پێویستی بە شوێنێکی وەها خۆش نەبوو؟

خەمی دابەش کردنی پارچە زەوییەکە، ئەو دوو برایەی کە چەند ساڵ بوو پێیان لەیەکدی برِیبوو، بەیەك گەیاندبووەوە و بەرەو بیری سەیر سەیر کەمەندکێشی کردبوون. ئەگەر خودا کردی و ئەم باوکە لاتەیان کە عەمری پیرەمەرِێکی ماوە، مرد، ئەوە تەواوی پارچە زەوییەکە بۆ ئەمان جێ دەمێنێت. ئەم بیر و بۆچوونەیان گورگ ئاسا کەوتبووە وێزەی مێشکیان و گەیاندبوونییە ئەو قەناعەتەی کە بە مردنی باوکیان حاسڵ دەبێت.

لەم سەروبەندەدا پیرە پیاو بەر لەوەی سەودای زەوییەکە تەواو بکات، سەری نایەوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی بەرگەی ئەو دەرزییەی نەگرت کە کورِە دکتۆرەکەی – کە بە هەزار دەردەسەری پێی گەیاندبوو، بۆ ئەوەی لەناوی ببا– لێی دابوو.

دەمەو نیوەرِۆی رِۆژی دواتر بەخاك سپێررا. پاش ئەوەی قورئانی لەسەر خوێنرا، بەرِپرسی گۆرِستانەکە هاتە لای کورِەکان و دوای سەرەخۆشی لێکردن، وتی:

– باوکی رِەحمەتیتان بەر لە مانگێك ئەم گردەی ناو ئەم قەبرستانەی کرِییەوە، بڕیاری دابوو بیکاتە گۆرِستانی خێزانەکەی و دەیوت ئەمە بەشی هەموو خۆشەویستانم دەکات. گۆرِی پڕ لە نوود بێ، هەمیشە لە خەمی خەڵکیدا بوو.

# نامه



# نامه

کوڕه گشت ئەو پارەیەی له باوکی وەرگرتبوو، لـه شـتی لاوەکیـدا خەرجی کرد بوو و هیچی لێنەهێشتبووەوە تا تۆپێکی پێبکڕێت. بۆیه بەدوای سەرچاوەیەکی داراییدا دەگەڕا.

کاتێك لەو گۆڤارە مانگانەیەی بۆیـان هـاتبوو ئـەوەی خوێنـدەوە که "هەموو خزمەتێك بەرانبەرێکی هەیه."، لـه خۆشـیدا پێـی عـەرزی نـەدەگرت. چـونکه ئەمـه مانـای وا بـوو ئـەو ئیشـانەی بـۆ مالّـەوەی کـردووە، دەبێـت بەرانبـەرێکیان هـەبێت. بـەم بـیرەوە کەوتـه کـار، کاغەزێکی هێنا و ئەو کارانەی بۆ مالّەوەی کردبوون یەك لـەدوای یـەك نووسیین و لەپالّ هەر یەکەشیانەوە نرخەکەیانی نووسی: له بەرانبـەر چوونه فڕن بۆ نان کڕین سێ سەد هەزار و بۆ زبلّ فـڕێ دانـیش پێـنج سـەد هـەزار لـیرەی تـورکی لـه بەرانبـەر ئـەوەش کـه لەگـەلّ دایکیـدا دەچێت بۆ بازاڕ یەك ملیۆن لیرە...، خۆ زۆری نەوتووە!

ئەو لیستەی که مـانگی سـی ملیـۆن لـیرەی دەکـرد، ئیمـزا کـرد و خستییه جانتاکەی دایکییەوە. لەبەر ئەم کارە ژیرانەیەی، خەریك بوو بالّ بگرێت.

بـۆ ڕۆژی دواتـر لـەژێر سـەرینەکەی سـی ملیـۆن لـیرە و پارچـە کاغەزێکی بینی کە زۆر لـەوەی خـۆی دەچـوو. کـە کردییـەوە، بینـی ئیمزای دایکیی بەسـەرەوەیە و لێی نووسرابوو:

"لە بەرانبـەر ئـەوەی لەسـەر حسـێبی ژیـانی خـۆم تـۆم هێناوەتـە دونیـاوە و سـاڵانێك جلـم بـۆ شـۆردوویت و بـە هـەزار دەردەسـەری گـەورەم کردوویـت و پـێم گەیانـدوویت، خۆشەویسـتییت و ماچـێکی گۆناکانتم بەسە. ڕۆڵەی شـیرینم! "ئەو پارەیـەی بەدەسـتت هێنـاوە، بەدڵێکی خۆش خەرجی بکە،

# قەدەر

# قەدەر

کوڕە خۆی بۆ ناقیکردنەوەکانی کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی ئامادە دەکرد، بە کەیف خۆشییەوە دەیوت:

- وا خەریکە ئاواتەکانم دێنە دی! پیر و پەککەوتەی مالّ چ دەڵێن با بڵێن، ئەم مەسەلەیە هیچ پەیوەندییەکی بە قەدەر و مەدەرەوە نییە.

پێنج ساڵ بوو کۆلێژی تەواو کردبوو، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا لە چەند کۆمپانیایەکی جۆراوجۆر کاری کردبوو و شارەزاییەکی باشی پەیدا کردبوو.

وا ئێستاش ئەو کۆمپانیایەی ساڵانێك بوو خەونی پێوە دەبینی، ئاگاداریی بڵاو کردبووەوە کە بەدوای ئەندازیارێکی بەئەزموونەدا دەگەڕێت. لەم ئاگادارییەدا - کە بە چەند زمانێکی بیانی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرابووەوە، ڕۆژ و ڕێککەوت دیاری کرابوو و نووسرابوو: "یەکەم ناقیکردنەوە لەسەر کاغەزە و کارتێر دە ئەنجام دەدرێت."

کوڕە کە ئەم ئاگادارییەی خوێندەوە، چوو مۆڵەتی وەرگرت و، باسەکەی لە ماڵەوە کردەوە. دایك و باوکی – کە تەمەنیان پەنجا سالێ بە بانەوە بوو – وەك بڵێی پێشتر پێکەوە ڕێککەوتبن، وتیان:

– ڕۆڵە! خودا بیکاتە قسمەت دەبێت، تۆ هەوڵی خۆت بدە، خودا بۆی نووسیبیت، وەرت دەگرن.

ئەندازیارە لاوەکە بەم قسەیەیان دەماری هەڵسا، هاواری کرد:

– مرۆڤ خۆی قەدەری خۆی دیار دەکات! تەنها ئەوە گرنگە کە مرۆڤ هەموو ڕێوشوێنێك بگرێتە بەر.

کوڕە بۆ ئەوەی ئەم قسەیەی خۆی بسەلمێنێت و باشتر خۆی ئامادە بکات، هەفتەیەك بەر لە تاقیکردنەوەکە، چوو بۆ خانووە هاوینییەکەی دەرەوەی شاریان. کاتێك سەرقاڵی بەرنامەڕێژی بوو، وتی:

– تا ڕۆژی تاقیکردنەوە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە، لە من حەرامە. لە خوێندن بەولاوە خۆم بە هیچی تر‌ەوە خەریك ناکەم، دەبێ پیشانی بدەم چوونە ناو ئەم کارەوە چۆنە.

لەبەر ئەوەی بڕیاری دابوو بۆ هەفتەیەك لە ماڵ نەچێتە دەر، هەموو پێویستییەك و چەند کاتژمێرێکی لای خۆی دانابوو.

لەم ماوەیەدا بەشوێن کۆمپانیاکەدا گەڕا، تا لە کاتی تاقیکردنەوەکە دڵنیا بێت، چونکە پێی وا بوو گرتنەبەری ڕێوشوێن لە

هـەموو شـتێکدا پێویسـتییەکی بنەڕەتییـە، دوور نییـە ڕۆژنامـەکان هەڵەیان کردبێت.

ئەندازیارە لاوەکـە دوای ئـەوەی هـەموو ئـیش و کارەکـانی بـەجێ هێنا، شەو و ڕۆژ کەوتە خۆسازدان.

سەر لە بەیانیی ڕۆژی تاقیکردنەوەکە زوو لەخەو هەڵسـا، کاژێرێـک بەر لە وادەی تاقیکردنەوەکە بـەرەو کۆمپانیاکـە کەوتـە ڕێ، چـونکە دەیزانـی ئیشـی ئـەم کۆمپانیایـە زۆر جدییـە، ئـەوەی یـەک دەقـە دوا بکەوێت، نابەخشرێت.

چـووە هـۆڵی چـاوەڕوان کـردن، سـەرنجێکی ئـەملا و ئـەولای دا، کەسی بەدی نەکرد. باشە، خـۆ کـات بـەرەو سـەعات دە دەچـوو! وا دیارە هاوپیشەکانی نەیانوێراوە خۆیان لە قەرەی ئەم تاقیکردنەوەیە بدەن. مـەراق گرتـی، چـووە پرسـگەکە و هـۆی ئـەو بێدەنگییـەی لـە کارمەندانی پرسگە کە پرسی.

کارمەندەکە کە گوێی لێڕاگرت، گەلێک سەیری پێهات، نەیـدەتوانی باوەڕ بەوە بکات کە چـۆن دەبێـت ئەنـدازیارێک ئـاوا لـە دونیـا بێئاگـا بێت. بە دەنگێکی ناسکەوە پێی وت:

— قوربـــان! نیـــو ســـەعات لەمەوبـــەر، هـــەموویان چـــوونە تاقیکردنەوەکەوە!

ئەو ڕۆژنامەیەی لای بوو، دایە دەستی. لە گۆشەیەکی لاپەڕەکـەدا نووسرابوو:

"ل دوێنێ شەوەوە دەست کرا بە بەکارهێنانی کاتی هاوین."

ئینجا وتی:

- ل سەعات یەکی شەوەوە، کاتژمێرەکان سەعاتێک هێنراونەتە پێش.

# لاکێشە



# لاکێشه

...

لەبــەر ئــەوەی زوو زوو لــە مانشــێتی ڕۆژنامەکانــدا دەربــارەی سێگۆشــەی (بــەرمۆدا)ی بــەر چــاو کــەوتبوو-کــە بــە (سێگۆشــەی شەیتان) ناسراوە-، داوای لە مامۆستاکەی کرد هەندێك زانیـاریی لـەو بارەیەوە بـداتێ. ئـەوەی لـە نووسـینی ڕۆژنامەکانـەوە فێـری بووبـوو ئەوە بوو کە ئەو سێگۆشەیە وەکو (کونە ڕەشەکان) هەرچی فڕۆکە و کەشتییەك توخنی بکـەوێت، دەیکاتـە پاروویـەکی چـەور و وای لـەناو نابات شوێنەوارێکی لێبەجێ بمێنێت.

مامۆستا بۆی دەرکەوت قوتابییەکانی تریش لایان بووەتە مـەراق، لەسەر تەختە ڕەشەکە سێگۆشەیەکی کێشا و هەرچییەکی دەربـارەی سێگۆشەی بەرمۆدا دەزانی، بۆی باس کردن. ئینجا وتی:

- بـا بێینـە سـەر ڕوویـەێکی دیکـەی مەسـەلەکە، ئایـا ئەگـەری هەڵووشانمان لەلایەن ئەم سێگۆشەیەوە، چەندە؟

- چەند قوتابییەك پێیان وا بوو ئەگەری گەشت کردنیان بۆ ئەوێ لـە هـەزاردا یەکـە و ئەگـەر ئـەم ئەگـەرەش بێتـە دی، ئـەوا ئەگـەری ئەوەی بکەونە ناو ئەو سێگۆشەیەوە تەنها لـە کاتێکدایـە فڕۆکـە یـان

کەشتییەکەیان پەکی بکەوێت، لەبەر ئەوە ئەگەرەکە دەبێتە یەک لە ملیۆن. هەندێکی تریش ئەگەرەکەیان کەم دەکردەوە بۆ یەک لە ملیار، بەهۆی ئەوەی کە ئەگەر کەشتییەکەشیان بکەوێتە ناوییەوە، دوور نییە ڕزگاریان ببێت.

مامۆستا مشتومڕەکەی پێبڕین:

– بە هەر حاڵ... وا دیارە بۆتان ڕوون بووەتەوە کە ئەو ئەگەرە چەندێك لاوازە. ئایا لەمەوە ئەوەمان بۆ دەرناکەوێت کە مێشك مشغوڵ کردن بە مەسەلەیەکی وەها چەندە جێی پێکەنینە؟

قوتابییەکان پاش کەمێك بیرکردنەوە، وتیان:

– بەڵێ، وایە! بەڵام هەر چەندە لێشی دوورین، دەبێت بە هەندی وەربگرین، تا نەکەوینە مەترسییەکی واوە.

ئەم جارەیان مامۆستاکە لە تەنیشت سێگۆشەکەوە، لاکێشەیەکی بە گەورەیی کێشا و وتی:

– هەر لەو ڕۆژەوەی خولقاوین، ترس لە ناخماندا بوونی هەیە. بەڵام ئایا پێویست ناکات بە قەدەر ئەوەی لەو سێگۆشەیە دەترسین، لەم لاکێشەیەش بترسین؟

قوتابییەکان وەك ئەوەی پێشتر پێکەوە ڕێککەوتبن، هاواریان کرد:

– مامۆستا گیان! ئەم لاکێشەیە چییە؟

مامۆستا بە دەنگێکی پڕ سۆزەوە وتی:

- ئازیزەکانم! ئەمەی دەیبینن، لاکێشەیەیە کە هیچ گومانێکی تێدا نییە پۆژێك دێت دەکەوینە ناوییەوە و ئەگەر پێشتر حسابی بۆ بکەین و ئامادەسازیی بۆ بکەین، لەو پێیەوە دەگەینە بەهەشتی نەبڕاوە، ئەویش لاکێشەی گۆڕە.

# دلى دايك

# دڵی دایك

کـوڕه کـــەوتبووه داوی خۆشەویســتیی کچــێکی دڵڕەقــەوه و دەیویست بیخوازێت. وەلـێ کچـه مـەرجێکی ترسناکی بـۆ دانـابوو، دەیوت:

– دەمەوێ بزانم تا چەند منت خۆش دەوێت. دەبێت دڵـی دایکـتم بۆ بێنیت تا دەرخواردی سەگەکەمی بدەم.

کوڕه نەیدەزانی لە ئاسـت ئـەو داوا جـەرگبڕەدا چـی بکـات. دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ، بە شەو و ڕۆژ بیری لێکردەوه، بڕیاری دا بەسەر هەست و سۆزیدا زاڵ بێت و دایکی بکوژێت.

دایکیشی، پێدەچوو لە حاڵەکەی گەیشتبێت، بۆیە زۆر لە دەسـتی ڕانەپـەڕی. کـوڕه دەسـتی چـووه خـوێنی دایکـی، دڵـی دەرهێنـا و خســتییه دەستەســڕێکەوه. لـــه خۆشـــیی بـــەجێهێنانی خواســـتی دڵبەرەکـەی کەوتـه ڕاکـردن، ئـەوه بـوو پێـی لـه بـەردێك گـیر بـوو و بەدەمدا کەوت. دڵـەی نێـو دەستەسـڕیش کەوتـه سـەر زەوی. کـوڕه ئاخ، لەتاو ئازار، ئاگای لە خۆی نەما و پڕ بـه دەنگـی هـاواری کـرد "

دایه !"

دڵ لە تۆز وەربووەکەی دایکی، کە هێشتا سارد نەبووبووەوە،

ماتە گۆ:

- گیانەکەی خۆم، کوڕەکەم! خۆ ئازارت پێنەگەیشت؟

# بەرگدروو



# بەرگدروو

ئێواران کە لەسەر ئێش دەگەڕامەوە، سەیرکردنی جامخانەی دوکانەکانی سەر ڕێم، کردبوو بە خوو. بەوە کەمێك دەحەسامەوە و هەندێك لە پێویستییەکانیشمم دەست دەکەوت.

ڕۆژێکیان لەسەر شەقامە گشتییەکە، بینیم ئەو دوکانەی چەند مانگێك بوو چۆڵ بوو، گیرا بوو. وێنەی دار چنارێك بەگەورەیی لەسەر جامی جامخانەکە کێشرابوو و لەژێرییشییەوە بە چەند هێڵێك کە لەسەر شێوەی چڵەدار بوون، نووسرابوو (بەرگدروو).

کە لە وێنەی سەر جامەکەم دەڕوانی، وتم:

- ئای ئەم دونیایە مرۆڤی چەند فەقیرحاڵی تێدایە، قەت بووە وێنەیەکی وا بە دوکانی بەرگدروودەوە بێت؟

هەر جارێك کە بە بەردەم ئەو جامخانەیەدا تێدەپەڕیم، تەماشایەکم دەکرد و وام لێهاتبوو خەون بەو درەختەوە ببینم. وا دیار بوو تا لە نهێنیی ئەو وێنەیە - کە لە مێشکی دابووم - تێنەگەم، دڵم ئۆقرە نەگرێت.

چەند ڕۆژێك پێش جەژن، بە مەبەستی کڕینی قوماش بۆ چاکەت و پانتۆڵ، چوومە لای بەرگدروەکە و تەعاروفمان کرد.

پیاوێکی تەمەن ناوەندیی ڕووخۆش بوو، کە قسەی لەگەڵ دەکردم، لە ژێربان چاویلکەکەیەوە لێی دەڕوانیم. ئەو ماوەیەی لای بووم، هەر فەرمانی بەسەر شاگردەکانیدا دەکرد.

دوای چەند جارێك یەکتر بینین، بووین بە دۆست. جارێکیان کە لە قسەدا بووین، پێم وت:

– زۆر مەراقمە بزانم کە بۆچی وێنەی درەختت لەسەر جامخانەکە داوە. لە حاڵێکدا کە زۆربەی بەرگدروەکان وێنەی جلوبەرگ لێدەدەن، ئەوەی جەنابتان کەمێك نامۆ نییە؟!

ڕووی گرژ کرد:

– نامۆیە، ها... نامۆیە؟!

بە پرسیارەکەم زۆر تێکچوو، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك پێی زەویی نەدەگرت، قۆڵی گرتم:

– وەرە... خۆت بە چاوی خۆت ببینە، بزانە نامۆیە یان...!

بە دالآنی دوکانەکەدا بردمییە باخچەکەی دواوە، بۆ لای دارچنارێك کە سێبەرێکی چڕی کردبوو:

– وێنەی ئەم دار چنارەیە کە لەسەر جامخانەکە دروستم کردووە. ئەگەر کەمێك بە وردی سەیری بکەیت، لە هۆکارەکەی تێدەگەیت.

سەرەتا سەیرێکی قەدە پتەوەکەی و دواتریش ئەو لق و پۆپانەی کە بەرەو ئاسمان بەرز بووبوونەوەم کرد، وتم:

– هێشتا لەوە تێنەگەیشتووم کە ئەمە چ ئیلهامێکی پێبەخشیویت؟ پیشەکەت چ پەیوەندییەکی بە دار و درەختەوە هەیە؟!

وەک بڵێی، دیسانەوە لە دەماریم دا، "لا حول و لا"یەکی کرد و هاواری کرد:

– نابینی؟! ئەم جلە سەرنج ڕاکێشەی کراوەتە بەر ئەم دارە نابینی؟! چۆن بەم جلە نازانی کە کراوەتە بەر لاشەیەکی ئاوا لار و لەوێر و پڕ لە بەرزی و نزمی؟

لە ڕازی مەسەلەکە، ئەگەر درەنگیش بووبێت، تێگەیشتم.

ئینجا دەستی دا لەو توێکڵەی دارەکەی داپۆشی بوو و وتی:

– ئا ئەمەشە قوماشی جلەکە، سەیرکە بزانە لە هیچ لایەکەوە هەڵساوەتەوە، یان تەنگیی پێوە دیارە؟ هەڵەم کردووە؟کە مەست و حەیران بووبم بەو قودرەتەی ئەم بەرگە نازدارەی کردووەتە بەر ئەم دارە و بەو هۆیەوە وێنەکەیم خستبێتە سەر جامخانەی دوکانەکەم،

حەپەسابووم، نەمدەزانی چی بڵێم. پەشیمانی ڕووی تێکردم لەوەی بەرگرووەکەم ڕەنجاندووە. پێدەچوو ئەویش هەستی بەم حاڵەم کردبێت، دەستی میهرەبانیی خستە سەر شانم و وتی:

- هەڵبەتە بینینی هەمور شتێك مەحاڵە، بەڵام ئەوانەی دەیانبینین ئەگەر کەمیش بن، بەسە بۆ ئەوەی بەدیهێنەرە دەسر ڕەنگینەکەیانی پێبدۆزینەوە.

دور ساڵە ئەو چاکەتە لەبەر دەکەم کە ئەو بەرگدروەو بۆی دوریوم، ئەگەر چی سەر شانەکانی کەمێك تەسکن، وەلێ هیچ گەیبم لێی نییە، چونکە هەر چۆنێك بێت ئەوەی دروستی کردووە مرۆڤە!

# دکتۆر

# دکتۆر

پیاوەکەی سەر نوێنەکە بەو دکتۆرەی بەدیار سەرییەوە وەستابوو، وت:

– ڕۆڵە گیان! خودا لێت ڕازی بێت، تا ماوم ئەوە لەبیر ناکەم کە لە پێناوی مندا لە هەندەرانەوە هاتوویتەتەوە.

ئەوەی کە نەشتەرگەریی بۆ کرابوو، گەورە دکتۆری نەخۆشخانەیەکی گەورە بوو، نەخۆشییەکەی – کە چارەسەریی تەنها لە دەرەوەی وڵات هەبوو – لەپڕێکدا لێی توند کرد بوو. هاوڕێ پزیشکەکانی دەیانزانی بەرگەی ئەو گەشتە دوورە ناگرێت، بۆیە هەر چەندە دەشیانزانی زۆر زەحمەتە لە نەشتەرگەرییەکە دەربچییێت، بڕیاریان دا خۆیان بۆی ئەنجام بدەن. ئەم گەنجە لەو بوارەدا پزیشکێکی شارەزا و جێدەست دیار بوو، کەس نەیدەزانی چۆن خەبەری پێگەیشتبوو، لەپڕێکدا خۆی گەیاندبووە لای و لە مردن پزگاری کردبوو.

دکتۆرە پیرەکە نەیدەزانی چۆن پاداشتی بداتەوە، دەستی خستبووە ناو دەستی گەنجەکەوە، لە خۆشیی گەڕانەوەی بۆ ژیان لە قسە نەدەکەوت، بەزەردەخەنەیەکەوە پێی وت:

– خۆشم نازانم بۆ وا کەوتمە بیر و ئەندێشەی ڕۆژانی گەنجیم، ئەو کات پزیشکێکی موقیمی (مقیم)ی بێئەزموون بووم، منداڵێك کە هێشتا لە سکی دایکیدا بوو، لەبەر ئەوەی دەرکەوتبوو پێیەکانی سەقەتن، بیرم بۆ ئەوە چوو کە لەباری بەرم چاکترە لەوەی بەو حاڵەوە بێتە دونیاوە، بەڵام کە گوێم لە لێدانی دڵی بوو، نەمتوانی ئەو کارە بکەم. هەبێ و نەبێ لەبەر ئەوەی من بە پێچەوانەی ئەو دڕندانەی بەناوی "ڕێکخستنی خێزان"ەوە تەنانەت منداڵە ساغەکانیش لەبار دەبەن، بڕیارم دا ئەو منداڵە بهێڵمەوە، خودا تۆی بەهانام ناردووە.

دکتۆرە گەنجەکە کە دەستەکانی بە جۆرێك گوشرابوون کە هەر مەگەر باوك ئاوا گەرم و گوڕی بەرانبەر جگەرگۆشەی خۆی بنوێنێت، کەمێك چووە دواوە و قاچەکانی – کە تا بن ئەژنۆکانی دەستکرد بوون – پێپێیشان دا، ئینجا بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– گەورەم! خودا هیچ چاکەیەك لەبیر ناکات، ئەو منداڵەی پزگارت کردووە، من بووم!

# فڕۆکە



# فڕۆکە

کە لە تەنیشتمەوە دانیشت، یەکسەر هەستم کرد ئەوە یەکەم جاریەتی سواری فڕۆکە ببێت. تا بڵێی تۆقیبوو، بەردەوام سەرنجی ئەملا و ئەولای دەدا و ناو بە ناویش لە جامەکەوە لە خوارەوەی دەڕوانی. کاتێك لە بەستنی قایشەکە یارمەتییم دا، پێی وتم:

- یەکەم جارمە سواری فڕۆکە دەبم، لەبەر ئەو بەفر و کڕێوەیە نەبوایە، ئەو هەڵەیەم نەدەکرد.

لە هۆکەیم پرسی. وتی:

- پیاو دەبێت پێی لە شوێنی سەلامەت دابنین. ئەگەر ئێمە هی ئەو بەرزاییە بووینایە، خودا باڵی بۆ دروست دەکردین!

نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، چونکە فڕۆکەکەمان خەریك بوو دەکەوتە هەڵفڕین. بە لاچاوێك سەیریم کرد. خۆی نووساندبووە قەراغی کوشنەکەوە و چاوی توند داخستبوو. کە فڕۆکەکە بەتەواوی بەرز بووەوە، وتم:

-بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجام دراون، فڕۆکە سەلامەتترین هۆکاری گواستنەوەیە! واتە بەگوێرەی ژمارەی سەرنشینانی، کەمترین ڕووداو لە فڕۆکەدا ڕووەدەدات.

ئەوم وەک منداڵێک دەهاتە پێش چاو کە بە کۆڵانێکی ئەنگوستەچاودا تێدەپەڕێت و لە ترسا گۆرانی دەچڕێت.

ئینجا بەزەردەخەنەوە وتم:

- ئەوەی دەوترێت ڕاستە! بەڵام ئەجەل هەر یەک ئەجەلە و گۆڕانی بەسەردا نایەت. دەبینیت لە تەمەنتدا یەک جار سواری فڕۆکە دەبیت، بەڵام ئەگەر ئەجەلت هاتبێت، دەکەوێتە خوارەوە.

وا دیار بوو ئەم قسانە - کە بێ ئەوەی هیچ بیریان لێبکەمەوە بەزارمدا هاتن - ئەویان تۆقاندبوو. ڕەنگی تێدا نەمابوو، دەمی کەوتبووە تەتەڵە!

دیسانەوە وتی:

- پیاو دەبێت پێی لە شوێنی سەلامەت دابنێت! نازانم ئێمە ج کارمان بە چوونە ناو شتێکەوەیە، کە لە بۆشاییدا بێت و بچێت؟! خوا بکا، فڕۆکەوانەکە کەسێکی بەئەزموون بێت!

وتم:

- پشت بە خودا ببەستیت، خەیاڵت ڕەحەت دەبێت.

- گەر باوەڕم پتەو بووایە، دەمتوانی وا بکەم. ئەگەر چی باوەڕم بە خودا هەیە، بەڵام چەند دەکەم توانا و دەسەڵاتی لە مێشکمدا جێی نابێتەوە.

- ئەمە شتێکی نائاسایی نییە. چاوەکانمان ئەودیوی دوورییەکی دیار نابینێت، گوێچکەکانیشمان لە هەندێ لەرەلەر بەولاوە نابیستێت. جا کە وا بوو، ئایا مێشکیشمان لە خاڵێکدا ناوەستێت؟

دوای کەمێك بیرکردنەوە، وتی:

- ڕاست دەکەیت! بەڵام دیسانیش بگەینەوە سەر زەوی، سەر ئەرزەکە ڕادەموەسم.

کە لە فڕۆکەخانە نیشتینەوە، پێکەوە لە فڕۆکەکە دابەزین. وەك منداڵ کەیفخۆشی گرتبووی، وتی:

- ئەمە یەکەم و دوا گەشتم بوو بە فڕۆکە! جارێکی تر دووبارەی ناکەمەوە.

لێم پرسی:

- ناکا ترسابیت؟!

- زۆر چاك دەزانیت کە ترسم لێنیشتبوو. هۆشم لە خۆم نەمابوو!

وتم:

- وایە، بەڵام ئێستا لە فڕۆکەیەك دابەزییت و سواری فڕۆکەیەکی خێراتر بوویت - کە گوێ زەوییە، مەگەر ئەویش لە هەوادا نافڕێت؟!

له ڕۆیشتن کەوت و له شوێنی خۆی چەقی. ناو بە ناو سەیرێکی ئاسمانی دەکرد و وەک بڵێی تازە پەی بە زەوی بردبوو.

دوای ئەوەی ماوەیەک وا مایەوە، خۆی چەماندەوە لای گوێچکەم و وتی:

– براله! ئەوەی کە لە فڕۆکەکەدا وتم: "ناچێتە مێشکمەوە"، ئێستا زۆر باش دەچێت!

# پۆشاکی سەوز



# پۆشاکی سەوز

...

که له ڕێدا بینیم، مەلا بانگی دەفەرموو، پێم وت:

– وەرە با بچین بۆ مزگەوت، خۆ دەزانیت ئەمڕۆ هەینییە.

بەگاڵتەجاڕییەکەوە وتی:

– من و مزگەوت کوجا مەرحەبا! بە بەلاش خۆت لەگەڵ منداماندوو مەکە.

وتم:

– باشە، بۆ؟

– بڵێم چی؟ ناکرێت ئیدی! هەڵبەتە دەوروبەرەکەشم کاریگەریی لەسەرم هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەترسم پانتۆڵەکەم ئوتووەکەی تێکبچێت و سەر چۆکەکانی بڕزن.

بەدەستی خۆم نەبوو، پێکەنین گرتمی. وتم:

– هەبێ و نەبێ بەگاڵتەتە! کەس هەیە لەبەر ئەوە واز لە مزگەوت بێنێت؟!

– وەڵاڵا بەڕاستمە! خۆت چاک دەزانیت کە گرنگیی زۆر بە جلوبەرگەکانم دەدەم، بەتایبەت جلە سەوزەکانم...

هەر بەڕاستیش وا بوو، بەردەوام دەچوو لە ڕاقیترین پێشانگاکان جلوبەرگی سەوزی لە کاڵەوە تا تۆخەکەی هەڵدەبژارد و بەردەوام ئوتووی دەکردن.

لێم پرسی:

- ئەرێ تا ئێستا قەت چوویتەتە مزگەوت؟

- کاتی خۆی بە منداڵی لەگەڵ باپیرمدا دەچووم، وەلێ بە نیاز نیم جارێکی تر ڕووی تێبکەمەوە!

بە قسەکانی زۆر تێکچووم، پەشیمان بوومەوە لەوەی ئەو باسەم لەگەڵی کردەوە. دەستی یەکمان گوشی و لێك جیا بووینەوە.

دوو مانگ دوای ئەو دیدارەمان، خەبەریان دامێ کە لە مزگەوتە. یەکسەر چووم بۆ لای.

لە سەفی پێشەوەی نوێژخوێنانەوە بوو و سەوزی پۆشیبوو. هێدی هێدی خۆم لێنزیك کردەوە، بە دەنگێکی پچڕ پچڕەوە پێم وت:

- ها! ئەی بڕیار نەبوو نەیەیتە مزگەوت؟!

هیچ دەنگی لێوە نەهات، چونکە لەسەر بەردەنوێژەکە و لەناو تابووتێك - کە بە پەڕۆیەکی سەوز داپۆشرابوو - نوستبوو!

# دوای
# چل سالۆ وەستایی
# بووم بە شاگرد

# دوای چل ساڵ وەستایی،
# بووم بە شاگرد

...

ئەو قاتەی تازە کڕیبووم، لەبەرم کرد و جانتایەکیشم کە هەمان ڕەنگی هەبوو، هەلگرت و بۆ یەکەم دەرسم لە زانکۆ کەوتمە ڕێ. کاتێک بەرەو ئەو گەراجە دەڕۆیشتم کە ئۆتۆمبێلەکەم لێی ڕاگرتبوو، ئەوەندەم زانی خۆم لەسەر زەوی بینییەوە. وا دیارە کەمێک لەخۆ بایی بووبووم و بەرزاییەکەی پێشم نەبینیبوو. سەر چۆکی پانتۆڵەکەم درڕا و ناولەپی دەستی چەپیشم بەر تەنەکەی زبڵ کەوتبوو و بریندار بوو بوو. یەکسەر خۆم کۆکردەوە و بە جانتاکەم بریندەکەمم داپۆشی و گەڕامەوە ماڵەوە.

دواتر پانتۆڵە درڕاوەکەمم بردە لای بەرگدروویێک. لەو نێوانەدا ئەوەی بەسەرم هاتبوو، بۆم گێڕایەوە و بریندەکەی ناولەپیشم پێی پیشان دا.

بەرگدروەکە کە کابرایەکی بەسالاچوو بوو، چاویلکەکەی لەچاو کرد، سەرەتا چاوێکی بە بریندەکەی ناو دەستم و دواتریش پانتۆڵەکەمدا هێنا و وتی:

– سەری هەفتە وەرەوە، کوڕی خۆم! تا ئەو کات، ناتوانم تەواوی بکەم.

لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە زۆر سەرقاڵ بووم، دوای مانگێك ئینجا چوومەوە. پانتۆڵەکەمی چاك کردبووەوە و خستبوویە سەر ڕەفەیەك، کە دەستی بۆ برد دایبگرێت، وتی:

– قوماشەکەی زۆر جیا بوو، زۆری خەریك کردم. نرخەکەشم لەسەری نووسیوە.

کە سەیرێکی کاغەزەکەی سەر پانتۆڵەکەممم کرد، پرسیم:

– ئەرێ زۆر نییە؟ ئینجا ئەو شوێنەی چاکت کردووەتەوە ئاسەواری دڕانەکەی زۆریش پێوە دیارە!

پێدەچوو زۆرم تووڕە کردبێت، چاویلکەکانی لەچاو کردەوە و وتی:

– سەیرکە کوڕم! ئەوە چل ساڵە خەریکی ئەم پیشەیەم، ئەگەر توانیت پیشەوەرێکی تر بدۆزیتەوە لە من باشتر چاکی بکاتەوە، قڕووشێك چییە لێتی وەرناگرم.

بۆ ئەوەی کابرای بەسالاچوو زیاتر تووڕە نەکەم، بڕیارم دا چیی تر نەڵێم. بۆ پارە دەرهێنان، دەستم بۆ گیرفانم برد. پارەکان بەر ئەو دەستەم کەوتن کە برینەکەی بەتەواوی چاك بووبووەوە، وەك بڵێی بڕووسکەیەك دای لە میشکم.

هاوارم کرد:

- دۆزیمەوە، ئەو پیشەوەرەی باست کرد، دۆزیمەوە!

دەستم هێنایە پێشەوە و وتم:

- سەیر کە! لەو کەوتنەی کە بۆم باس کردبووییت، لەگەڵ درانی پانتۆلەکەمدا، ئەم دەستەشم بریندار بوو و. سەیر کە بزانە هیچ دڕێنەوارێکی ئەو بڕینە ماوە؟!

پێرەمێردەکە سەیرێکی ناو دەستیی کردم سڕ بووبوو و. هەستم کرد لێوەکانی دەلەرزین و چاوانیشی پڕ بووبوون. بە دەنگێکی پچڕ پچڕەوە وتی:

- ڕاست دەکەیت، کوڕەکەم! زۆریش ڕاست دەکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا کە تەمەنی خۆم لەسەر ئەم پیشەیە داناوە، نازانم چۆن پەیم بەو گەورە پیشەوەرە نەبردووە؟

زۆر بەزەحمەت توانیم وا بکەم کابرای بەسالاچوو هەر هیچ نەبێت، کەمێک پارەم لێوەرگرێت. لەوە بەدوا زۆر زۆر سەرم لێی دەدا و لە حاڵ و ئەحواڵیم دەپرسی. زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی گەورە پیشەوەرەکەی دۆزیبووەوە و دەیوت: "دوای چل ساڵ وەستایی، بووم بە شاگرد!".

# پۆشاکی سەردەمیانە

# پۆشاکی سەردەمییانە

خانمێکی تەمەن مام ناوەندی، ئەو چاکەتەی – کە لە نایابترین پێشانگای جلوبەرگدا چووبووە دڵییەوە – لەبەر کرد و لەبەردەم ئاوێنەکەدا چەند جارێك خۆی بادا، وتی:

– من مامۆستای زانکۆم. دەمەوێت پۆشاکێکی سەردەمییانە بکڕم و تامی ئازادیی پۆشین بکەم.

کچەکەی ئەوێ کە لەگەڵیدا خەریك بوو، وتی:

– خانمەکەم! باشت دەناسم، ئەوەش دەزانم کە زۆر شیك پۆشیت. بەڵام مۆدێلی فەڕەنسی وایە کە دەبێت لەچەکێکیشی لەگەڵدا لەسەر بکەیت.

ژنە بە لالووتییەکەوە وتی:

– لەچك؟! ئاوا سەردەمییانەیە؟! مادام ئەمە لە شوێنێکی وەك فەڕەنساوە بێت – کە سەنتەرێکی گرنگی مۆدیلاتە – جێی خۆیەتی.

کچەکە لەچەکانی سەر ڕەفەکەی نایە بەردەم کڕیارەکە و وتی:

– ئەگەر چی کەمێم گران بەهان، بەڵام، لێت دێن ئەمانە نوێترین نەخشەکانمانن.

ژنەکە پاش ئەوەی سەیری یەکە بە یەکەیانی کرد، وتی:

– یەك لە یەك جوانترن. بەڵام من ئەوەی سەری خۆتم پێ لە هەموویان جوانترە. نایاتەوە بیرم لە کوێ، وەلێ هەمان لەچکم لەسەر یەکێکی تر بینیوە.

کچەکە بە دەستەواژەیەکی زۆر بە ئەدەبانەوە و بەزەردەخەنەیەکەوە وتی:

– مامۆستا! ئەوەی بینیوتە، منم. من خوێندکاری جەنابتم لە خوێندنی ئێواران. کە لەسەر پۆشتییم لە دەرس کردتمە دەرەوە، هەر ئەم لەچکەم لەسەردا بوو.

# بەرد

# بەرد

کوڕە گەنجەکە لەو ڕۆژەوەی دەستی بە جگەرەکێشان کردبوو، پارە بەشی نەدەکرد. مەینۆشییش کە دواتر خووی پێوە گرتبوو، وای لێکردبوو دەست بۆ دزیکردنیش ببات. پێیی وا بوو مادام هەژارن، دزی بۆی ڕەوایە. سەرەتا چی لە مالیاندا هەبوو هەرزان فرۆشی کرد و کردییە پارە. خۆ نەنکی – کە پاش ئەوەی دایکی و باوکی سالانێك بوو چوو بوونە بەر ڕەحمەتی خودا – لەگەڵیدا دەژیا، پێویستی بە هیچ شتێك نەبوو.

خووگرتنەکەی بە مەی، دواتر ئەوی بۆ کارگەلێك کە پارەی زیاتری تێدا بێ ئاڕاستە کرد. بە فرۆشتنەوەی ئەو بەلۆعانەی لە پڕۆژە ئاوە کۆنەکانی کردبوونەوە و دەسکی دەرگای ئەو میوانخانانەی کە بۆ چەند سەدەیەك لەوەوبەر دەگەڕانەوە و کێلی گۆڕە کۆنەکان و پەیکەرە بچکۆلە مێژووییەکان، پارەی چەند مانگێکی خواردنەوەکەی دەردەچوو.

نەنکیش، ئەگەر چی بە "خەڵەفاو" دادەنرا، بەڵام پەی بە دزیکردنەکانی نەوەکەی بردبوو. وەلێ لەبەر ئەوەی نەیدەویست دڵی

بڕەنجێنێت، بڕیاری دابوو ئەم ڕازە – کە کزەی لە جەرگی دەهێنا – پەردەپۆش بکات. ئەو بۆ گەیشتنەوە بە هاوسەرەکەی – کە هەر بە گەنجی، بە بێوەژنی بەجێی هێشتبوو – چیی بەبەر تەمەنییەوە مابوو؟

کوڕە هەستی بە دەستەوسانیی نەنکی کردبوو، لە ڕێی ئەوەشەوە کە نەنکی دەیزانی نووسینی سەر شوێنەوارە دێرینەکان بخوێنێتەوە، دەستی کردبووە قەبڵاندنی ئەو شتانەی دەیدزین. پیرەژن حەزی نەدەکرد زانینی خوێندنەوەی ڕێنووسی کۆن – کە لە هاوسەرەکەیەوە فێری بووبوو – لە وەها کارێکدا بەکار بهێنێت. بەڵام نەوە دزەکەی هەموو جارێك قەناعەتی پێ دەهێنا.

شەوێکی ساردی زستان بوو، کوڕە دیسانەوە بە کەلوپەلی دزییەوە گەڕایەوە ماڵ. لەنێو دەستکەوتەکانی ئەو ڕۆژەیدا، لەپاڵ چلچرا و کۆنە مافووری مزگەوتێکی سێ گوند ئەولاتر بەردێکی درێژکۆڵە هەبوو، کە لە گردەکەی دەروازەی شارۆچکەکەیان دەری هێنابوو. بەردەکە – کە بە هەناسەبڕکێوە هێنابوویەوە – نایە بەردەم نەنکی تا نووسینەکەی سەری بخوێنێتەوە. پیرەژن چاویلکەکانی لەچاو کرد و کەوتە خوێندنەوەی. چاوەکانی کوڕەکە – کە شەیتان ئاسا بریسکەیان دەدا – لەسەر بەردەکە ڕامابوو، کە پێی وا بوو "پارچە بەردێکی ناوازەیە". خرۆشانی نەنکیشی لە کاتی خوێندنەوەی نووسینەکەدا، هەر ئەمەی پیشان دەدا.

کوڕە بە ئومێدێکی زۆرەوە کەوتە هەڵبەز هەڵبەز بە ژوورەکەدا و هەڵیدایێ:

– وا دیارە بەردێکی زۆر گران بەهایە! وا نییە، نەنە؟

دەموچاوی پیرەژنەکە، بەو فرمێسکانەی کە چەندی دەکرد بۆی ڕانەدەگیران، تەڕ بووبوو. ئەگەر چی مردن بەدەست خودایە، وەلێ بەدرێژاییی ژیانی ئەوەندە خوازیاری نەبووبوو. بەدەم باوەش کردن بە بەردەکە وەک باوەش کردن بە کۆرپەیەکی نازدار، وتی:

– ڕاست دەکەیت، ڕۆڵە! بەڕاستی بەردێکی گران بەهایە. کێڵە بەردی گۆڕی باپیرت دزیوە!

# ڕێ پێشاندان

# ڕێ پیشاندان

یەکەم جاری بوو بچێتە ئەو شارە، دوای ئەوەی بە سەرسوڕمانەوە بە شارەکەدا گەڕا، چووە لای ئۆتۆمبێلێکەوە – کە لە قەراغی شەقامەکە لای دابوو – و ڕووی کردە ئەو منداڵەی بەتەنها لەدواوە دانیشبوو و پێی وت:

– من غەریبەم! بەدوای فڕنێکدا دەگەڕێم، وتیان ڕێك لە تەنیشت باخێکەوەیە. وەك ئەوەی باسیان دەکرد، دەبێ لەم نزیکانە بێت.

منداڵەکە جامەکەی بەتەواوی هێنایە خوارەوە و وتی:

– منیش هەر یەکەم جارمە دێمە ئێرە، بەڵام پێم وایە دەبێ بەلای ڕاستدا بڕۆیت.

هەڵبەتە کابراش لەوەی پرسی کە چۆن سەرەڕای ئەوەی غەریبەیە وای بۆ دەچێت.

منداڵەکەش بەزەردەخەنەیەکەوە وتی:

– مەگەر هەست بە بۆنی (زەیزەفوون) ناکەیت؟! ئێ خۆ جریوەی پاسارییەکانیش هەر لەوێوە دێن.

– باشه، بەڵام... بە چیدا دیارە کە لە تاقە دارێکەوە نایەن نەک لە باخێک.

– تاقە دارێک، بۆنێکی وا چڕی لە کۆێ بوو؟ ئینجا سەیر کە جریوەی پاسارییەکانیش لەگەڵیاندا بەشدارن. خۆ ئەگەر کەمێک قوواڵتر هەناسە هەڵبکێشیت، هەست بە بۆنی نانی گەرمیش دەکەیت.

کابرا کەمێک چاوی نوقاند و ئەوەی بەجێ هێنا کە پێی وترا، ئینجا کە دەستی خستە باخەڵییەوە و پارەی دەرهێنا، هەستی کرد منداڵەکە نابینایە. منداڵەکەش بەوەی پیاوەکە لە نیوەدا قسەکانی بڕی بۆی دەرکەوت هەستی بە نابینایییەکەی کردووە.

پاش ئەوەی هەوڵی دا ئەو چاوانەی – کە بە حەسرەتی ڕووناکییەوە بوون – لێی بشارێتەوە، وتی:

– سێ ساڵ لەمەوبەر لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا بینایيم لەدەست دا. ئەوەندە عەوداڵی بینینم...! چاوانی تۆ بینان، وا نییە؟

کابراش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– چیی تر دڵنیا نیم! تاکە شتێک دڵنیا بم لێی ئەوەیە تۆ لە من بیناتری.

# زلله



# زللە

مامۆستا بە ئەمەکەکە کە لە وانە وتنەوە بووەوە و لە پۆل چووە دەرەوە، بینـی وا یـەکێك لـە قوتابییـەکانی پاشـقول لـە یـەکێکی تـر دەگرێت. ئەو قوتابییەی کەوتە سەر زەوی، خۆشەویستترین قوتـابی بوو لای. لەبەر ئەوەی ئازاری زۆری پێگەیشت، دەسـتی دایـە پڕمـەی گریان. مامۆستاکە دوای ئەوەی هەڵی گرتەوە، جلەکانی بۆ تەکانـد و ناردییەوە ماڵەوە. ئینجا پەلی ئەوی تری گرت و ڕایکێشایە ژوورێکەوە کە دەرسی تێدا نەدەخوێنرا. ئەو مامۆستایە سی سـاڵ بـوو هـەر لـەو قوتابخانە بنەڕەتییەی ئەو گونـدە خزمـەتی دەکـرد. هـەر لـە هـەمان ئاوایی ژیانی هاوسەریی پێك هێنابوو. ئەگەر چی بۆ دامەزراندن، ناوی لـە یـەکێك لـە شـارە گەورەکانـدا هـاتبووەوە، بـەڵام نەیـدەتوانی دەستبەرداری ئەو قوتابخانەیە بێت چونکە بـە لانـەی خـۆی دادەنـا. بەرگـەی هاروهـاجیی قوتابییـەکانی نـەدەگرت، چـونکە بـە چـاوی جگەرگۆشەی خۆی تەماشای دەکردن.

پاش ئەوەی زۆر بەتوندی منداڵەکەی سـەرکۆنە کـرد، هـیچ گـوێی نەدایە ئەوەی منداڵەکەی بەردەستی لە ترسا هەڵدەلەرزێت، زللەیەکی

کێشا بە بنا گوێیدا. لاشە لەڕ و لاوازەکەی لەبەر بەهێزیی زللەکە گەلا ئاسا بەلادا هات و خوێن لە ددانەکانی – کە تازە خەریك بوو دەردەچوون – بەربوو و پەڕیە سەر چاکەتەکەی مامۆستا.

ئەگەر چی مامۆستاکە هەر یەکسەر لەو کارەی کە بەرانبەر بەو منداڵە حەوت ساڵەیە کردی، پەشیمان بووەوە. بەڵام پێی وا بوو دەبێتە دەرسدانێکی باش بۆی. کاتێك ویستی قوتابییەکە بەجێ بهێڵێت و بڕوات، بینی منداڵەکە دەستی بۆ باخەڵی خۆی برد. بەمە ڕاچڵەکی؛ منداڵێکی چەتوونی وا کە تەنانەت نزیکترین هاوڕێی خۆیشی بە ئەرزدا دەدا، هیچ دوور نەبوو دەست بداتە چەقۆ و هەڵمەت بەرێتە سەر مامۆستاکەی. کاتێك ئەم لە خەمی ئەوەدا بوو چۆن خۆی لە پەلاماری منداڵەکە بپارێزێت، منداڵە بچکۆلەکە دەستەسڕەکەی – کە لە جەژندا پووری بە دیاری بۆی هێنابوو – دەرهێنا، بەدەم هەڵسانە سەر پێوە وتی:

– مامۆستا گیان! چاکەتەکەت خوێناوی بووە ، بۆتی پاك بکەمەوە؟

## • پوختەی ژیاننامەی نووسەر •

– لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری (ئەدەپازاڕی)ی تورکیا لەدایك بووە.

– هەر لەو شارەدا خوێندنی بنەڕەتیی تەواو کردووە.

– دواتر (ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان)ی تەواو کردووە، کە ئێستا بە (زانکۆی میعمار سینان) دەناسرێت.

– ئێستا پرۆفیسۆرە.

– خێزاندارە و باوکی سێ منداڵە.

– بەناوبانگترین بەرهەمی (لە ناخی ژیانەوە)یە کە کۆکراوەی چەندین چیرۆکییەتی کە لە ساڵی ١٩٨٢ـەوە لە گۆڤاری (زەفەر) بڵاوی کردوونەتەوە و لە دوو بەرگ پێك دێت (ئەمەی بەر دەستتان بەشێکی کەمی چاپی سی و هەشتەمی بەرگی یەکەمە). تەواوی کتێبەکە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کۆری و بەشێکیشی (لەپاڵ کوردی) بۆ هەر یەك لە (ئینگلیزی، ئەڵمانی، ڕووسی، عەرەبی، ئەڵبانی، تەتەری، ئۆزبەکی و مەکدۆنی) وەرگێڕدراوە. بەم جۆرە ئەم چیرۆکانە بە هەر چوار لای دونیادا بڵاو بوونەتەوە.

– ئەم بەرهەمانەشی هەیە:

"چل گرام بزە"، "پەرجووەکان"، "مەتەڵەکان".

- بۆ منداڵانیش ئەم بەرهەمانەی نووسیوە:

"دوو جەوانّ ئانّتوون"، "دارستانی ئاسوودەیی"، "ئەو ماسییەی لە ئاسمانەوە دابەزیوە"، "بانگهێشتێك بۆ بەهەشت"، "بازاڕی خۆشەویستی"

- لەگەڵ (سەلیم گوندوزئاڵپ) و (عەلی سوعاد)یش دوو بەرگی لە کتێبی (وەڵامی ئامادە) ئامادە کردووە.

# Hayatin İçinden

## Cüneyd Suavi

ئەم چیرۆکانە لەخۆدەگرێت

- ئێنگلی ئیسفەنج
- دەرزی بوونەوە
- پارمەتی
- ماڵی دونیا چییە؟!
- چرچە زەوی
- نامە
- قەدەر
- لاکێشە
- دڵی دایک
- بەرگەرووی
- دکتۆر
- فڕۆکە
- پۆشاکی سەوز
- دوای چل وەستایی، بووم بە شاگرد
- پۆشاکی سەردەمییانە
- بەرد
- ڕێ پیشان دان
- زللە




ISBN 0-0114-0000-5

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا
ARA Media Center
ara.m@hotmail.com

نرخی (٢٠٠٠) دینارە